**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ١٣ ) ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە ، و دوای ئەو پێداچوونەوەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢١) ی لە ٢٠١٢/٦/٤ کردوویەتی بۆ یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٢ کە پێشتر لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی لە ٢٠١٢/٤/١٠ بڕیاری لەسەردابوو و ئێمە بە بڕیاری ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٢ لە ٢٠١٢/٥/٣ گەڕاندبومانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٢
## یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

لێبوردنی گشتی حوکمدراوان (بەندی و دەستبەسەران- النزلاء و المودعون) دەگرێتەوە بەگوێرەی ئەو حوکمانەی لەم یاسادا هاتوون .

**ماددەی دووەم:**

سزای ئەوانەی حوکمی لە سێدارەدان دراون لەو کێشانەی ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکانیاندا دەکرێ بۆ سزای هەتا هەتایی کەم دەکرێتەوە و ماوەی گرتن و حوکمی پێشوویان بەو مەرجەی ئاشتەواییەکە لەبەردەم ئەو لیژنەیە چەسپا بێت کە بەپێی ئەم یاسایە پێك هاتووە لەماوەیەکدا کە لە (چوار مانگ) لەرۆژی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەو تێپەڕ نەکات.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** لێبووردنی گشتی هەموو حوکمدراوان دەگرێتەوە بەندکراو و گیراوەکان لەفەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لەهەرێمدا لەو ماوەیەی کە ماویانە لە حوکمەکەیاندا کە لەلایەن دادگاکانی هەرێمەوە دەرهەقیان دەرچووە لەو کێشانەی ئاشتەوایی کراوە یـان دەکرێـت لەنێوان لایەنەکان لەبەردەم لیژنەی پێك هێنراو و لە ماوەیەکدا کە لە( چوارمانگ) لە ڕۆژی کارکردن بەم یاسایە تێپەڕ نەکات و دەستبەجێ ئازاد دەکرێن.

**دووەم:** ماوەی سزای حوکمدراو بۆ بەندی و دەستبەسەران ( النزلاء و المودعين )لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا بە ڕێژەی ( ٢٠٪ ) کەم دەکرێتەوە لەو ماوەیەی کە لە سزا ئەسڵیەکەدا هاتووە ، کە لەلایەن دادگاکانی هەرێمەوە دەرهەقیان دەرچووە لـەو کێشانەی ئاشتەوایی نەکراوە لە نێوان لایەنەکان و ئەو ماوەیەی کە کەمیش کراوەتـەوە وەك ماوەی بەسەرچوو لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی ئازادکردنی مەرجدار هەژمار دەکرێت، بەدەر لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەی لە ماددەی شەشـەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**ماددەی چوارەم:**

ڕێکاری یاسایی بەشێوەی یەکجارەکی لەو کێشانەدا ڕادەگیرێت کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدان یان لـە دادگاییکردندان لە هەموو ئەو تاوانانەی کە بەر لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسـایەوە ڕوویـان داوە (جگە لە تاوانبارە هەڵاتووەکان و ئەو تاوانانەی لە حوکمەکانی بەدەر بێت) ئەگـەر ئاشـتەوایی لەنێوان لایەنەکان لەبەردەم لیژنەی پێك هێنراو لەماوەیەکدا کرابێت کە لە (چوار مانگ) لە ڕۆژی کارکردن بەم یاسایەوە تێـپەڕ نەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

لێبوردنی گشتی ئەوانە دەگرێتەوە کە بە تاوانی سەرپێچی کـردن گـیراون و ڕێکـاری یاسـاییش دەرهەق بە تۆمەتبارانی رادەگیرێت.

**ماددەی شەشەم:**

سوود مەند نابن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو بەند و دەستبەسەرانەی (النزلاء والمودعون )کە سوودیان لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای لێبوردنی گشتی وەرگرتووە یا هەر یاساو بڕیارێك کە پێش ئەو دەرچووە، هەروەها بڕیارەکانی لێبوردنی تایبەت کە لەسەرۆکی هەرێمەوە دەرچووە و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە:

**یەکەم:** ئەو تاوانانەی لە یاسای پاراستنی بیانیان و ئەوانەی کار دەکەن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای سزادانی حیازە و دروست کردن و بەکار هێنانی تەقەمەنی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموار کراودا، هاتوون.

**دووەم:** ئەو تاوانانەی گرێدراو بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم.

**سێیەم:** بازرگانی کردن بە هۆشبەرەکان.

**چوارەم:** بازرگانی کردن بە داو و دەرمان و خۆراکی تێکچوو

**پێنجەم:** بەرتیل و دزینی سامانی گشتی.

**شەشەم:** تەزویر کردنی دراو و کاغەزی پارە و بانکەنۆت.

**حەوتەم:** زینای مەحرەم.

**هەشتەم:** دەستدرێژیی سێکس و نێربازی و هەتکردنی ناموس .

**نۆیەم:** تاوانی کوشتن بەبیانووی ئابڕوو سڕینەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەو حوکمدراوانەی حوکمی غیابییان دەرهەق دەرچووە ئەگەر لە ماوەی (چوار مانگ) لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە خۆیان ڕادەست دا سوود لە حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگرن، بەدەر لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەی کە لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** بە مەبەستی جێبیەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەك یان زیاتر لە هەر ناوچەیەکی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمدا بە سەرۆکایەتیی دادوەرێك کە پلەکەی لە پلەی دووەم کەمتر نەبێت و ئەندامیەتیی هەر یەك لە نوێنەری وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتی پێك دێت و، هەر لایەنێکیش نوێنەرانی خۆی کاندید دەکات بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** بڕیارەکانی کە بەپێی ئەم یاسایە لە لیژنەکەوە دەردەچن قابیلی تانەلێدانن بە شێوەی پێداچوونەوە (تەمییز) لە لای دادگای پێداچوونەوە (تەمییز)ی هەرێمدا لە لایەن ئەندامی داواکاریی گشتی یان لە لایەن خەڵکانی پەیوەندیدارەوە (زەرەرمەند)ەوە لە ماوەی (سی) رۆژدا لە رۆژی دەرچوونییەوە، ئەو بڕیارەی لە لایەن دادگای تەمییزیشەوە دەردەچێت یەکلاکەرەوە دەبێت.

**سێیەم:** دەبێ لێژنەکانی تایبەتمەند بە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ماوەی (حجز) کردنی ئەم کەسانەی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەژماربکات.

**چوارەم:** دەبێ لێژنە کارەکانی خۆی لە ماوەی چوار مانگدا لە رۆژی دەست پێ کردن بە کارەکانییەوە تەواو بکات، بە تەواو بوونیشی لیژنەکە بە هەڵوەشاوە دادەندرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوە (التمییز) و دادگاکانی تێهەڵچوون (الاستئناف) و دادگاکانی تاوانەکان (الجنایات) لە هەرێمی کوردستان راستەوخۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن لەسەر ئەو کێشانەی کە بۆ لێ وردبوونەوەی پێداچوونەوە (تمییز) ئاراستەیان کراون.

**دووەم:** لەسەر دادگاکانی تایبەتمەند بەو کێشانەی کە ئاڕاستەیان کراوە بۆ دادگایی کردن، راستەوخۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کێشە و ڕووداوانەش دەگرێتەوە کە پێش رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە ڕوویانداوە.

**ماددەی یازدەم:**

دەبێ ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەکدا دەربکات کە لە (حەوت رۆژ) لە رۆژی کار پێ کردنییەوە تێپەڕ نەکات.

**ماددەی دوازدەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانی و لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێزدەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر**

**٧/ حوزەیران /٢٠١٢ ی زایینی**

**١٧/ جۆزەردان/ ٢٧١٢ ی کوردی**

**١٧/ رەجەب /١٤٣٣ ی کۆچی**

## هۆی دەرچوونی

**لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی لە سزادان چاك کردنی تاوانکارە بۆ ئەوەی هەڵبرەخسێ بۆ ئەوانەی لایانداوە و هەندێ تاوانیان ئەنجامداوە تا بۆ ناو کۆمەڵ بگەڕێنەوە و تێکەڵ بە ژیانی کۆمەلایەتی بێ و بۆ ئەوەش گیانی ئاشتەوایی و لێبوردەیی بە لێخۆشبون بلاوببێتەوە یان سزاکەی سووك بکرێت یان ڕێکاری یاسایی دەرهەق ڕابگیرێت بەهۆی ئەوەی ئەو تاوانانەی ئەنجامی داون بەر لێبوردن دەکەون، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**